

# ئاواتەکەی هاوار و کۆچی دوایی هێمن

سەڵاحەدین ئاشتی



ئەیلول

عەلی حەسەنیانی



نازانم چەند شەممە بوو، لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەلی حەسەنیانی و مارفاغا شێخاغایی چووینە ورمێ. هەر کەس بە شوێن کارێکدا، کاك عەلی کە وەکیل بوو بۆ دادگوستەری و منیش کە دەفتەرداری بووم بە شوێنیدا. دوای ئەوەی لە کارەکان بووینەوە، هەرسێکمان لە دەفتەری گۆواری سروەو لای ماموٚستا هێمن یەکمان گرتەوە. قسەو باسێکی زۆر کرارو لە گەرمەی قساندا کاك عەلی حەسەنیانی وتی: ماموٚستا ئاواتێکم هەیەو نەزرم کردووە، ئەگەر بێتە دی، سەر لەنوێ گومبەزی بداغ سوڵتانی چاککەمەوە. قسەی دیش هاتن و رۆیشتن لەو دەمەیدا هاوڕێ مورتەزا _ کە دواتر بەرەحیم مەشایی دەرچوو _ کاك عەلی و مارفاغای بانگکردە ژوورەکەی دیکەو ماموٚستا هێمن و بەندە ماینەوە. ماموٚستا سیغاری دەکێشا و وتی دا ڕۆڵە سەلاح ئەتۆش سیغارێك تێکە.

وتم بەڵێ و هەڵمبەست و دامگیرساند و مژێکی چاکم لێدا، باش بوو، نەرم بوو، سەرم بۆ لەقاندو وتم خۆشە......

ماموٚستا هەندێك قسەیکرد و دوایهێنا، بایدایەوە سەر قسەکانی کاك عەلی و وتی سەلاح ئەرێ لەعەلی حاڵی بووی وتی چی؟ عەرزمکرد کامیان؟ وتی کوڕە ئەوەی وتی گومبەزی سەر بداغ سوڵتان چاکدەکاتەوە! وتم باشە کوێی خراپ بوو؟! وتی رۆڵە ئەوەی کە دەڵێ لە دڵم دایە، ئەگەر هێمن مرد گومبەزی لەسەر سازدەکەم! ئەوەندەی بزانە هێمن گومبەز و بارگای ناوێ! بەراستی هەروەك لەسەربانێکەوە بەرمدەنەوە پێموابوو، چونکە بەهیچ لەونێك قسەکەی کاك عەلی هەر بۆنی بۆچوونەکانی ماموٚستای لێ نەدەهات. وەڵامدایەوە و وتم وەڵلاهی هەر قەت ئەوەی بە دڵدا نەهاتووەو لەخۆڕا بۆ وا دەفەرمووی و بێبەڵابیت کوا وایە و.....تاد

وتی باشە با وا نەبێ، ئەگەر عەلی هاتەوە پێینەڵێت وتم وەڵلا هەر پێیدەڵێم، ئێستا نا تاوێکی دیکە! پێکەنی وتی هەی بەدفەڕ.....

کاك عەلی و مافاغا هاتنەوەو لەسرت و خورتان بوونەوە و دەی با بڕۆین بۆ مەهاباد! ماموٚستا فەرمووی: عەلی گیان با سەلاح ئەمشەو لێرە بێ، هەر من و دایە خانم (لەزمان خەڵك و ئێمەمانانەوە وای بە خێزانی وت) لەماڵین و.....

کاك عەلی وتی: ماموٚستا بە خودا سبەینێ لە بۆکان پەروەندەمان هەیەو دەبێ سەلاح هەر ئەو ئێوارەیەی بچێتە بۆکان و بەیانی لە دادگوستەری بێ. ماموٚستا چەندین جاری دووپاتیکردەوە، کە نەچمەوەو سەرەنجام کاك عەلی بەناسەرسەنگی رووی لەمن کردو وتی ئەگەر هەر وابێ بۆخۆم دەچم....... وتم نابێ، ماموٚستا گیان ئەوجا بەتەنیا دێمەوەو لێرە دەبم.

فەرمووی ئەمن دەڵێم ئەویش و ئەتۆش دەڵێی بۆ جارێکی دی بێ. بڕۆ لەگەڵ تۆشم نەکرد، چاوتدەرێ، هەمووان پێکەنین و بەرەو مەهاباد بووینەوە. لە مەودای رێیەکە بۆچوونەکەی ماموٚستا هێمنم لەسەر قسەکانی کاك عەلی گێڕیەوە. زۆر پێیتێکچوو! وتی هەی ماڵت نەشێوێ ئەدی بۆ لەوێ نەتگێڕایەوە؟

وتم ماموٚستا وتی لێرە لێیگەڕێ..... . مارفاغا وتی کاك عەلی ماموٚستا بشمرێ ئەوە سەلاحی هەیەو دەیباتە بەهەشتێ، ئەتۆ بێکەسی! کاك عەلی وتی ئەمنیش داوێنی ماموٚستا هێنمنی دەگرم وهەرسێکمان لێکهەڵنابڕێین..... و هەمووومان تێربەم قسەیە پێکەنەین.... .

هەر ئەو ئێوارەیە چوومە بۆکان لەماڵی خزمێکم مامەوەو بەیانی وەدەرکەوتم تا بچمە دادگوستەری و کاروباری پەروەندەکە راپەڕێنم، کە کاك عەلی تێیدا وەکیل بوو. لە نیزیك فەلەکەی فەرمانداری چاوم بە عەلی خانی ئەمیری، کوڕی کاك فەتاحی ئەمیری و موحسینی ئەمیری، خوشکەزای کاك فەتاح کەوت، کە دیاربوو لە مەهابادەوە هاتبوو. دوای چاك و خۆشی لەگەڵیان، وتم موحسین ئەوە چۆنە لێرەی؟ ئەویش تازەلاوێك بوو زۆری لە دەربڕینی ئەو خەبەرانە نەدەزانی، بۆیە وتی وەڵلا لەبەر خاڵۆژنم هاتووم، چونکە ماموٚستا هێمنی مامی مرووە!

(لەدەروونی خۆم دا: ئەی هاوار رۆح لە جێیەکی سەختدایە و نایەتەدەر!)

وتم: موحسین گیان دوێنێ هەتا دوای نیوەڕۆ لەکنی بووم و هیچی نەبوو.

بەڵێ راستە: شەو سەکتە لێیداوە.

نازانم چۆن چوومە دادگوستەری و چۆنم کارەکە راپەراند.

بەهەڵەداوان خۆم گەیاندە ماڵی ماموٚستا حەقیقی هەتا خەبەرێکی راستم دەستکەوێ. کە دەروازەیان لێ کردمەوەو لە ژوورەکەی ماموٚستام رۆانی و

دیتم چەند کەسێکی لێیە، بەندی جەرگ و دڵم پسا. چوومە ژوور و سڵاویان ئەستاندمەوەو قسەی دیکەم بۆ نەکرا.

مامۆستا حەقیقی دواندمی. هیچم بۆ نەوترا. نوتقم بەسترا بوو! شەربێکیان ئاو بۆ هێنام و پاش تاوێك ئەهوەن بوومەوەو تەواوی بەسەرهاتەکەی دوێنێم بۆ گێڕانەوە.

مامۆستا فەرمووی دە دڵی چەقیوە، بۆیە قسەکەی کاك هاواری وا لێکداوەتەوە وتووشێتی ئەتۆ لەوێ بی..... جارێ مەعلوومیش نییە خەبەرەکە چۆنە، ئەوە راوەستاوین بزانین ماڵە سوڵتاناغای شێخاغایی وەڵامماندەدەنەوە، هەتا کوێ راستە. راست لەو قسانەدا بوو وەڵامیاندایەوە و وتیان هێمن کۆچ وباری لێناوەو خەبەرەکە تەواوە.... .

بێدەنگیەك وەکو مەرگ بە سام باڵی بەسەر وەتاغەکەی مامۆستا حەقیقی کێشاو خەمێکی لێڵ پۆنگاوی خواردەوە.... .

ماوەیەکی پێچوو، مامۆستا فەرمووی ئەوە سروەی ژمارە چواریش هاتووەو خۆ لەوێشدا هەر باسی نەمانی هێمنە! دا رۆڵە سەلاح بیخوێنەوە.

سەیر ئەوەیە لەو غەزەلەی مامۆستا هێمن تەنیا دوو بەیت چاپکرابوو کەدەستم پێکرد:

گەلێکم رۆژگاری تاڵ و شیرین رابوارد، ئاخۆ

مەرگ لەمەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر

یەیتەکەی دیکەم بۆ نەخوێندرایەوەو هاوارم بەرزکردەوەو کردم بە بابەڕۆ، هەموویان بەدوامدا لە قوڵپی گریانیان دا......

قەتم نەپرسیوە ئەرێ مەرگی هێمنی چەند ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە! چونکە هەتا ئەو رۆژەی گڵەبانی چاوم دەکەن و هەتا یادی بکرێ، تەرمەکەیم لەبەردەستییەو هێشتا لە دارەتەرمیم هەڵنەبەستووە، وام داناوە وێکڕا بنێژرێین، هەرچی هەمە لەوێڕایە ناهەقم مەگرن.

1965/1/28

